

پەیمانگای پزیشکی دهۆک
زانكۆی پۆلیتەكنیكی دهۆک
پەرستاری

كوردۆلۆجی

شەری چاڵدێران

ئامادەكردنی

نەعیمة جمال

نەوال احمد

بەسەرپەرشتی

ارشد حیتو

خشتەی ناوەرۆک

پيشه كى

يَه ڤ راپورته بزاڤه كه بو زيده تر زالبون ل سه ر لايه ك ژ بابه تى كورد ناسيئ ،

ژبه ر هندى مه هه ول دايه ب كورتي و ب شيوه كى ئاسان روناهيئ به ر ده ينه سه ر گرنگترين ويستگه هين سه ره كي د بياڤي بابه تى مه هه لبژارتى كو ل ژير ناڤئ (شەری چاڵدێران).

هه ر چه نده به حس كرن ل سه ر (شەری چاڵدێران) ماوه كى نه يئ كيم بو د ڤيتن ، لئ ژبه ر كيميا ده مي .هيفيدارين يَه م شيابين د ڤان لا په راندا چه ند لا يه نين ڤه شارتي د بابه تي مه هه لبژارتى . روناهيه كي به ر ده ينه سه ر و مفايه كي ب گه هينه په ر توكخانا كوردي

يَه وژي فان سه ر قه لمكا بكه نه هيڤيني زيده تر ديفچون و ڤه كوليني ژ پيخه مه ت زيده تر زالبون ل سه ر نه ژاد و ميژوو و كه لتور و ره وشه نبيريا كوردي،داكو هه ر ده م يَه م د هه ر هه لويسته كيئ دا د چه كدار بين و شانازيئ ب ميژو و كه لڤه ري خويئ پر سه ر وه ري و فيداكاري بكه ين ، كو مللة تي مه بخو و خوين وه فاداري جوانترين لاپه رين ميژووي د شارستانيه تا كه ڤن و نوى دا تومار كرينه

.

شەری چاڵدێران

شەری چاڵدێران یەکەم تێکهەڵچوونی نێوان حکومەتی سەفەوی و عوسمانییەکان بوو کە لە نزیک شاری چاڵدێران کە ئێستا بەشێکە لە پارێزگای ورمێی رۆژهەڵاتی کوردستان رووی دا. لەم شەڕەدا کە لە رێکەوتی 23ی 8ی 1514 دەستی پێکرد، عوسمانییەکان بە رێبەرایەتی سوڵتان سەلیمی یەکەم سەرکەوتن و سوپای سەفەوی هەرەسی هێنا. لەم شەرەدا ژمارەی قزڵباشەکان کە هێزی شەڕکەری حکومەتی سەفەوی بوون نزیکەی 30هەزار کەس بوون و لەبەرامبەردا سوپای عوسمانی 200هەزار سەربازی لەخۆی گرتبوو. ناهاوسەنگی لە ژمارەی سەرباز و نەبوونی چەکی گەرم بووە هۆی شکەستی سەفەوییەکان. لەم شەڕەدا سوپای سەفەوی بە نێزە و شمشێر هاتبووە گۆڕەپانی شەڕ و عوسمانییەکانیش تفەنگ و تۆپیان پێ بوو.

پاش ئەم شەڕە بەشێکی زۆر لە کوردستان، ئازەربایجان، ئەرمەنستان، جۆرجیا و بەشی رۆژهەڵاتی ئاناتۆلی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی سەفەوی جیابوونەوە و کەوتە بەردەستی تورکانی عوسمانی. ئەم شەڕە بۆ عوسمانییەکان سەرکەوتنێکی ئاسایی بوو بەڵام کارەساتی بۆ سەفەوییەکان خولقاند. پاش ئەم شەڕە "شا ئیسماعیل" تووشی خەمۆکی بوو و ئیتر رێبەرایەتی سوپای لەئەستۆ نەگرت و جێگە و پێگەی لەناو قزڵباشەکاندا نزم بۆوە. عوسمانییەکان لەم شەڕەدا تەنانەت تەورێزیشیان گرتەوە بەڵام بەهۆی کەمی پێداویستی و خواردن شارەکەیان جێیان هیشت.

جێی ئاماژەیە کە لەم شەڕەدا زۆرینەی سوپای قزڵباش کە لە کوردەکان پێکهاتبوو کوژران

شەری چاڵدێران

دوای ڕوخاندنی دەوڵەتی "فاطمی عوبەیدی" لە ساڵی (٥٦٧)هیجری ئیتر لەو دەمەوە شیعە پارەچە پارچەبوون خاوەنی هیچ دەوڵەت کیان نەمان، هەوڵی زۆریان ئەدا بۆ ئەوەی دەسەڵاتێك دروست بکەن.. زۆر جار خۆیان لە دەسەڵاتدارانی "تەتار" نزیك دەکردوە بۆ ئەوەی ئەمرەتێکیان دەست بکەوێت، تەنانەت زۆر جار وا نیشانیان ئەدا کە "تەشیوع" دورشمیان نیە ناشیانەوێت بیکەنە دروشمی دەوڵەت و ئیمارەتەکانیان، ئەم ڕەوشە بەو شێوەیە مایەوە تاکو سەردەمی کەسێك بەناوی (ئیسماعیل حەیدەر صەفەوی)، لە ناوەڕاستی ئێراندا دەوڵەتێکی شیعەی دامەزارند لە ساڵی (٩٠٧)هیجری..

لەڕاستیدا ئەسماعیلی صەوفەوی کەسێکی شیعەی دۆگمابوو زۆر بیر تەسك و توندرەو بوو، زیاد لەیەك ملیۆن موسڵمانی سوننەی کوشت، بۆ ئەوەی شیعەی دوانزە ئیمامی نیشتەجێ بکات لە جێگایاندا، بە زۆر لە ئێراندا ئەوەی سوننی بوو کردیە شیعەی دوانزە ئیمامی، بۆ ئەم پلانەی داوای هاوکاری لە چەتەکانی قزڵباشی تورك کرد، هەموو قزڵباشیەکان شیعە بوون، بیروباوەڕی خوارافی لە نێوانیاندا بڵاو بوو،"قزڵباش" واتا کڵاو سورەکانی شیعە- ئەمانیش جۆرێکن لە شیعە زۆر نزیکن لە سۆفیەکانەوە، ئەم قزڵباشایانە لەگەڵ شیعەدا ئەوەندە نەخوێندەواری و خورافیاتیان بڵاوکردوە تا وایلێهات هەموو ناوچەکە بونە شیعە، سەربازەکانی ئیسماعیلی صەفەوی زۆر خوێن ڕێژ بوون، خەڵکیان بە ئاگر و ئاسن فەرمانڕەوای دەکرد، لەگەڵ ئەوەیشدا شا ئیسماعیلی صەفەوی پیاوێکی طاغوت و دیکتاتۆر بوو کە هاوشێوەی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی بوو لە فەرمانڕەوای کردندا، بگرە زۆر خراپتر، چونکە هەموو سەربازەکانی دەبوو سوجدەی بۆ بەرن.

ئیسماعلی صەفەوی شوێنکەوتی ئایدۆلۆژیای شیعە بوو، بۆ بڵاوکردنەوەی شیعە لە ناوچەکەدا تەنانەت وای کرد کە بەناو وڵاتانی دراوسێیدا ئەم بیرەوباوەڕەی شیعە بڵاوبکاتەوە، ئیتر لێرەوە روبەروی هێزیکی گەورەی سوننی مەزهەب دەبێتەوە کە دەوڵەتی عوسمانلییە، چونکە لە دوای روخانی دەوڵەتی "مەمالیك" هیچ دەسەڵاتێك نەبوو شانبدات لەشانی خەلافەتی عوسمانلی سوننی، گومانی تێدا نیە کە دەسەڵاتی هەموو ناوچەکە نەیدەتوانی شانبدات لەشانی دەوڵەتی عوسمانی، لێرەوە شا ئیسماعیلی صەوفەوی شیعی بۆ ئەوەی هێزی موسڵمانان لە ناو بەرێت پەیوەندی لەگەڵ ئیمپراتۆری گەورەی دونیا ئەو سەردەمە خاچدروشمان بەست کە "پروگاڵیا" بوون واتا پرتوگال ئێستا کە هەموو ناوچەکانی "ژاپۆن" و "مالیزیا"و زۆرێك لە "چین"ی ئێستای لە ژێر دەستا بوو هەوڵی ئەدا ناوچەکانی تر وەك "هیندستان و ئەفغان"ی ئەدا، پورتگال ئەوسەردەمە زۆر دژی موسڵمانان بوو، چونکە بەچاوی جەنگی خاچدروشمانەوە سەیری موسڵمانانیان دەکرد، بۆیە لەگەڵ ئەواندا کەوتە دارشتنی پلانێکی زۆر سەرکێشانە ئەویش داگیرکردنی شاری مەدینەو بوو، هەڵدانەوەی قەبری ئەبوبکرو عومەر بوو بە وتەی خۆیان " فڕێدانی ئەو دوو قەبرە لە نزیك پێغەمبەری خوا- صلی الله علیەوسلم- پاشان لەوێوە پلان دابرێژن بۆ گرتنی شاری قودس "!

شائیسماعیل ئەم پلانەی دارشت لەگەڵ سەرکردەی گەورەی پرتوگالیەکان بە ناوی "بوکرك" ئەودەمە سەکردەی هەموو ئوصتوڵەکانی پرتوگال بوو لە ناوچەکەدا، لەگەڵ ئەوەیشدا کە دەیزانی پرتوگالیەکان جەنگی خاچدروشمان دەکەن لەگەڵ موسڵمانان، کەچی ئەو ڕازی بوو بەو پلانە، هەرچەندە ئەمە تفێکە بە ناوچاوی شا ئیسماعلی صەفەوی، هەرچەندە ئەمە لای شیعە ڕافیزە زۆر ئاسانە کە خیانەت بکات .مێژوویان دیارە بەدریژای مێژووی خۆیان هەر خیانەتیان کردوە

لەو سەردەمەدا کەسێکی بەهێز فەرمانڕەوای دەکرد لە ناو دەوڵەتی عوسمانی، پاشان سەرکەردەیەکی خاوەن حەزم بوو پیاوێکی ئازاو بەهێز بوو بەناوی "سوڵطان سەلیمی یەکەم"، ئەم پیاوە کەسێك بوو هەرگیز پێقوبوڵ نەدەکرا رکەبەری هەبێت، خۆ ئەگەر براکەی خۆی رکەبەری بوایە وە دەیکوشت، پاشان تەماشای کرد ترسی ئەوەی لێنیشت کە وا دەوڵەتی شا ئیسماعیلی صەفەوی شیعە لەگەڵ خاچدروشمانی پرتوگالدا خەریکی دروست کردنی هێزن بۆ لە ناوبردنی پیرۆزیەکانی موسڵمانان چونیان بۆ شاری مەدینەی پێغەمبەر- صلی الله علیه وسلم- و هەڵدانەوەی گۆڕی هاوەڵان- ڕەزامەندی خوایان لیبێت، پاشان ..دروستکردنی هەڕەشەی جدی لەسەر سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانلی

سوڵطان سەلیمی یەکەم کە زانی وا ترسی بڵاو بونەوەی ئەم بیروباوەڕی شیعەیە وەك پوش بڵاو دەبێتەوە بە هۆکاری نە خوێندەواری ئوممەتەکە، چونکە ئەودەمە خەڵکی زۆر گرنگیان بە زانستی شەرعی نەئەدا، بەڵکو هەموو گرنگییەکیان دروست کردنی چەك نوێ بوو دژی ئەورپاو زلهیزانی دونیا، بۆیە لەناوچەکانی "عێراق و ئەنادۆڵ" دا بیروباوەڕی شیعە بڵاو بویەوە بە ئاسان، سوڵطان سەلیم بڕیاریکی ئازایانەیدا دا کە .بکەوێتە جەنگ لەگەڵ شائیسماعیلی صەوفەوی شیعە، پاراستنی ئوممەتی ئیسلامی

سوڵطان سەلیم خۆی ئامادەکرد بۆ جەنگێکی یەکلا کەرەوە لەگەڵ صەفەوییەکاندا، سەرەتا هەرچی شیعە هەبوو گەمارۆی خستنە سەر لە ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانلیدا ئەوەی کە گومانی لێدەکرا کە جاسوسە زۆربەیانی لە سێدارەدا، پاشان خێزانی دەسەڵاتدارانی ئێرانی بانگکرد بە ناوی بنەماڵەی"ئاق قویونلو" بۆ ئەوەی بکەونە جەنگ لەگەڵ دەسەڵاتی صەفەویەکاندا چونکە ئەوان پیشتر خاوەن دەسەڵات بوون لە عێراق و ئێراندا، بەڵام بەدەست حەیدەری باوکی شا ئیسماعیل و شا ئیسماعیل خۆی دەسەڵاتیان لە دەست ..سەندرابوەوە ، بە هەردوولا سوپایان کۆکردوە بۆ جەنگ

دەزگای "هەواڵگری سەربازی" سوڵطان سەلیم توانی ئاشکرای بکات کە شا ئیسماعیل دەیوێت جەنگ دوابخات بۆ زستان؛ بۆ ئەوەی سەربازەکانی عوسمانلی لەبرساندا بمرن و لەسەرماندا رەقببنەوە، بەو هۆکارە شا ئیسماعیل سوپاکەی بردە بیابانی"یاسگەمەن"یاخود(ی� �� �سجمن) لەسەر سنوری "ئازربیجان"، سوڵطان سەلیم سوپایەکی زۆر بەهێزی ئامادەکرد ئەوەندە چەبوك ئازابوون گەیشتە ناوچەکانی "دەشتی چاڵدێران" تەنانەت توانی هەموو ناوچە و بەرزایی و گردو تەپۆڵەکەکانی گرت و توانی شوێنە ستراتیژیەکان دەست بەسەردا بگرێت، لە٢ی مانگی رەجەبی ساڵی ٩٢٠ هیجری کە بەرانبەرە لەگەڵ بە ٢١ی ئابی ساڵی ١٥١٤ زاینی، سوپای سوڵطان سەلیم توانی وەك هەورە بروسکە بە خێرای

سوپای شا ئیسماعیل بشکێنیت و کون بە کون رابکەن.. هیچ تواناو هێزێکیان نەبوو لەبەرانبەر سوپا بەهێزەکەی عوسمانلی و سوڵطان سەلیمدا.

لە روبەروبونەوەدا سوڵطان سەلیم بەردەوام بوو تاگیشتە پایتەختی صەفەویەکان لە "تەبرێز" توانی بیکاتە جێگاو سەربەزگا بۆ کاروچالاکی سەربازی خوی..تەنها بەو سەرکەوتنە کۆتای هێنا کە لەچاڵدێرانەدا بەدەستی هینابوو، هەموو لاکان دەپرسن بۆچی سوڵطان سەلیم زیاتر بەورە ناوچەکان نەرۆشت بە تەواوەتی شیعەی صەفەوی پاك بکاتەوە!!؟..

بەهۆکاری ئەوەی سوپای "ئینکشاری" عوسمانی بە قسەی سوڵطان سەلیمیان نەکرد، ووتیان شەر ناکەین چونکە زۆر ساردە سوپاکەمان رەق دەبیتەوە لە کاتیکیشدا وانەبوو، بەڵام لەوانەیە خەڵکی بپرسێت سوپای ئینکشاری چیە؟ بۆ وا بە گوێی خەلیفەکەی ناکات؟

ئینکشاری سوپای سەردەمی عوسمنلیە کەسیك دروستی کردوە بەناوی "ئاغا ئینکشار" لەسەردەمی "ئۆرخانی دوەم" لەساڵی٧٢٤ی هیجری بەرانبەر ساڵی١٣٢٤ی زاینی ئەم کەسایەتیە ئەفسەریکی بەناوبانگی عوسمانلی بوو مەڵبەندو جێگاو سەربازگەی لە شاری "ئەستانە"بوو واتا "ئەستانبوڵ" کە فیرقەی مەشادی زۆر بەهێز بوون چەك جبەخانەی بەهێز و نوێیان هەبوو هەمیشە تا سەردەمی سوڵطان"موردی یەکەم" واتا ساڵی٧٦١ی هیجری بەرانبەر بە ساڵی ١٣٦٠ی زاینی ئەم سوپای ئینکشاریە لە ریگای خۆی دەرچو هێزیکی زۆری پەیدا کرد..

تەنانەت زۆر جار خەلیفەی لادەبرد باج و خەرج و چەتەی دەکرد خۆی لەسەر ئەو باج و خەرجە و چەتەیە دەژیاند تاکو وای لیێهاتوبوو بە تەواوەتی دەسەڵاتی وڵات بەدەست ئەوان بوو سیاسەتی ووڵات ئەوان دیاریان دەکرد بە تەواوەتی خەڵکیان بێزار کرد بوو تاساڵی١٠٣٢ی هیجری بەرانبەر١٦٢٢ی زاینی خەڵکی ئەستانە بەتەواوەتی بێزار بوون هەموو دژیان ڕاپەرین تاکو ساڵی ١٠٥٨ی هیجری بەرانبەر بەساڵی ١٦٣٢ی زاینی ئەم شۆڕشە دژیان بەردەوام بوو، تەنانەت چەند کەسیایەتی گەورەی ناو خەلافەت بەدەستیان کوژرا لەوانە"حسن باشا" سەرۆك وەزیران بوو واتا (الصدر الأعظم) لەسەردەمی سوڵطان مورادی چوارەم،پاشان دوایان کرد دەبیت شیخولئیسلام بکوژرێت لەگەڵ سەرکردەی دەریایی و پیاوێکی تر کە وەزیر بوو لەو دەسەڵاتەدا ، لە پاشاندا شێخ ولئیسلام ئازادکراو هەردوو ئەو کەسایەتیە بەدەستیان لە هەروەها لەسەردەمی سوڵطان .سێدار درا لەساڵی١٠٤٢ی هیجری بەرانبەر بە ساڵی ١٦٣٢ی زاینی محمودا کە ویستی هەموو فەیلەقەکان بگۆرێت ئەویش نەیتوانی هەڵگەرانەوە لە دەسەڵاتەکەی سوڵطان محمودی دوەم روویدا ئەویش و سەدری ئەعزەمەکەی" مستەفا باشا بیرقریدار" هیچیان بۆ نەکرا..

تاماوەیەك بی دەنگ بوون.. وویستیان پاش ماوەیەکی تر لە ناو ئەم ئینکشاریانە چاکسازی بکەن، توانیان کۆتایی بەو سەرکێشیەن بینن لە ١٩ی شەوالی ساڵی ١٢٤١ی هیجری بەرانبەر بە ساڵی١٨٢٦ی زاینی لە ئەستانە کۆتایی بە دەسەڵاتیان هات کە خۆیان فەرمانڕەوای بکەن چونەوە ژیر رکێفی سوڵطان موحمودی دوەم، ئەم کورتەیەك بوو لە دروست بوونی سوپای ئینکشاری تا کۆتاییان..

کەواتە بگرێینەوە سەرباسەکەمان ئەوەی کە لەسەروە ئاماژەم پێدابوو سوڵطان سەلیمی یەکەم توانی سەرکەوتن بەدەست بهینێت بەسەر شائیسماعیلدا پایتەختی وولاتی صەفەویەکان بگریت شیعە صەفەویەکان لەگەڵ قزڵباشیەکان لە ناوچەکانی باشوری ئێران بە گشتی نیشتەجی بوون جارێکی تر ئەهلی سوننەت جەماعەت سەریان دەرهێناوە مەزهەبی ئیمامی شافعی لەوناوچانەدا باڵادەست بوو، ئەگەر سوڵطان سەلیم ئەو کارەی نەکردایە ئێستا لە ڕێگا بیروباوەڕی شیعە هەموو ناوچەکانی بابان و تەنانەت ئەردەڵانیش شیعە بوون ئەوەندە برەویان دابوو بەو بیروباوەڕە فاسدە بۆگەنە.. ئەگەر جەنگی چاڵدێران نەبویە ئەو دیاربەکر و بەشێکی زۆر هەرێمی کوردستان و باکوری عێراق ئێستا شیعەی صەفەوی بوون، ئەو هێزە صەفەویە کە ئاماژەم پێدا لە رووی فیکری و سەربازیەوە پشتی پێ بەست بوو..

یەکەم بریتی بوو لەوەی کە نەخوێندەواری بڵاو بکاتەوە عوسمانیەکانیش گرنگیان پێ نەئەدا تا خەڵکی بە خورافتی شیعە ئاشان بکەن دەماو دەم بیروباوەری شیعە بخەنە مێشکیان، لەرووی سەربازیەوە پاڵپشت بە هێزی خاچدروشمان پرتوگالی بەست بوو کە سوڵطان سەلیم توانی پێگەی ئەوانیش لە ناوچەکەدا لاواز بکاتن پاشان پیاوێکی موجاهید بەناوبەنگی "فلیپینی" بەناوی "لابولابو" توانی سوپای داگیرکەری پرتوگال لە ناوچەکاندا تێکبشکینێت ولابولابو.. بووە ئەستیرەی موجاهیدان لە فلیپین..

ئەوەی کە مەبەستمە بیڵیم..

ئەم جەنگە هیچ پەیوەندی بە کێشەی نەتەوایەتیەوە نیە، ئەو مێژوویەکی چەواشەکاریە کە هەندێك لە خۆیانەوە دەڵێن گەلی کورد دابەش کراوەلەو سەردەمەوە گوایە بیری ناسۆنالیزمی لەو دەمە سەرچاوی گرتوە؟

ئەم ووتەیە هیچ بنەمایەکی نیە لە رووی زانستی و پاشان مێژویەوە، چونکە ئەو ئیمارەتە کوردیانەی کە هەبوو دابەش بووون بەسەر ئەو دوو دەسەڵاتە گەورەیە کە لەسەر بنەمای بیروباوەڕ دامەزرابوون هەموو ئیمارەتەکان وەك فیدارڵی ئێستا سەر بە حوکومەتی مەرکەزی بوون..

لە ڕووی دابەشکردنی ناوچەکە لەسەر بنەمای نەتەوەیی نەبوە، بەڵکو زیاتر وەك دەڵین مەزهەبی بوە، چونکە ئەگەر نەتەوایی بوایە بۆ عوسمانلی هەموو قزڵباشیەکانی لە ناوبردو یاخود دەریکردن خۆ هەموو ئەوان تورك بوون؟! یاخود بۆ ناوچەکانی ئازەریەکان سونی بوون لەژێر دەستی صەفەوی بوون هەموو کران بە شیعە، کوردەکان لەسەر بنەمای بڵاوکردنەوەی شیعە لە ئیمارەتەکانیاندا کێشمەکێشمی دەسەڵاتیان هەبوو هەر لە "خانەکانی دزڵی و بابان و جاف و ئەردەڵان ، مکوکریان، شکاك،" .. زۆری تر لەو دەسەڵاتەنەی کە لەناوچەکدا هەبوون، ئەمان هەموو کە ململانەی دەسەڵاتیان دەکرد لەسەر بنەمای مەزهەب

بوو ئەو شیعەی بڵاو دەکردوە ئەوی تر سۆفی ، بۆ نمونە ئەمارەتی میر محمدی سۆران دژی هەردولا بوو دەیویست بیروباوەری سەلەفی بڵاو بکاتەوە لە ڕێگای مەلای خەتێ وە، کە پەیوەندی تەواوەی بە زانای پەیەبەرزی ئەو سەردەمە لە"نەجد" هەبوو بەناوی "عەلی ئەفەندی" کە مامۆستای "محمدی کوری عەبدول وەهابە"، هەریەك لەم دەسەڵات و ئیمارەتانە بۆ بیرو باوەڕ و فراوان کردنی قەڵەم ڕەوی خۆیان بوو نەك ناسۆنالیزمی، بیری ناسۆنالیزمی لە سەردەمی ڕوخانی خەلافەتی ئیسلامی سەری دەرهێناو کوردیش وەك تورانی وعەرەبی و فارسی بەشوێن ناسنامەی خۆیدا گەڕا وەك نەتەوە، "ئەمین زەکی بەگ" لەسەرەتای مێژوەکەی خۆیدا بە درێژی باس لەوە دەکات، تەنانەت لە سەردەمی عوسمانلیەکاندا ئەگەر وشەی تورك بەکار بهاتایە وەك جنێو وابوو ماوەی٦٥٠ساڵ خەلافەتی عوسمانلی فەرمانڕەوای کرد کە تورک بوون بنکەی ئاینەکە کە عەرەب هێناویەتی لەناو ئەو دەوڵەت دەسەڵاتەدا هیچ ئەرزشێکی نەبوو، زۆرجار کورد باڵا دەست بووە لە خەلافەت عوسمانلیدا دەسەڵاتی تا سەرۆك وەزیران رۆشتوە واتا سەدری ئەعزەم

شەڕی چالّدران و ئەزموونێک

کۆتایی شەڕی چالّدێران پرسی هەڵوێستی کوردی لەسە ئەم بارودۆخە نوێیە هێنایە سەر خوان. ئەوە ” بوو هەندێ لە میرە کوردەکان چوونە پاڵ سوڵتان و هەندێکی تریش چوونە پاڵ شاە لە شەرەکانیاندا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نە عوسمانیەکان و نە سەفەویەکان هیچ گرنتیەکیان لانەبوو کە ئەم کوردانە وەفا و ئەمەکیان بۆیان هەبێت. نەک هەر ئەوەندە بەڵکوو ئەو میرە کوردانەی کە بەشداریان کرد لە شەری چالّدێران جێگای متمانە نەبوون نە لە لای عوسمانیەکان وەنەلای سەفەویەکان. بەڵگە و نموونەی دیارو ئاشکراش لەسەر ئەمە خێڵی(بازۆکیە) ئەوە بوو خالید بەگی بازۆکی پێش شەری چالّدێران پشتگیری شا اسماعیلی دەکرد کە لەلای ئەو کار بەدەست بوو لە یەکێ لە شەرەکاندا باڵێکی لە دەست دا شا اسماعیلیش بریاری دا باڵێکی لە ئالتون بۆ دروست کرد و ناوچەکانی(خنیس) و (ملازگرد) و (موش) ی خستە ژێر دەسەڵاتی. بەڵام ئەوەندەی نەخایاند(خالید بەگی بازۆک) ی داوای سوڵتانی دەکرد و دراوی تایبەتی بەخۆیی لێدا. لەووتاری هەینی ناویان دەبرد. بەشێوەیەک حیسابی بۆ کەس نەدەکرد. تا لە ئەنجامدا پشتی وەرگێرا لە قزڵباشیەکان و دانی نا بە دەسەڵاتی(سەلیمی یەکەم) وەشان بە شانی ئەو بەشداری کرد لە شەری (چالّدێران). بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دوای کۆتای شەرەکەو بەدەستهێنانی سەرکەوتن و گەرانەوە لە مەیدانی شەڕ ڕاستەوخۆ بەبڕیارێکی سوڵتانی(خالید بەگی بازۆکی) لەسێدارە درا.” سەرچاوە(مێژووی کوردستان، م.س. لازاریف،: شرف خان بدلیسی. شرف نامە، بەرگ ١، ل ٣٥

بەشی نۆیەمی مێژووی نوێ و هاوچەرخ؛ شەڕی چاڵدێران و کاریگەری لەسەر کورد

سەرکەوتنی عوسمانییەکان لە شەڕی چاڵدێران بەسەر سەفەوییەکاندا بە هاوکاری کوردەکان بوو، چونکە شا ئیسماعیلی سەفەوی خراپەی زۆری لەگەڵ کوردەکاندا کردبوو.

عوسمانییەکان لە دژی ئەو فراوانخوازیە وەستان کە شا ئیسماعیل لە ناوچەکانی کوردستان و عێراق کردی، چونکە وەکوو ئاشکرا بوو لەو کاتەدا عوسمانییەکان ئەو فراوان خوازییەیان بە دەست تێخستنی سنوورەکەیان واتە (سنووری دەوڵەتی داگیرکەری عوسمانی) دادەنا، جگە لەوەی کە سنووری کوردستان جێگیر و ڕێک و پێک نەبوو، بەم جۆرە کێشەی سنوور هۆیەکی کاریگەر بوو بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ و ناکۆکی لە نێوان داگیرکەری عوسمانی و سەفەوی.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەوانەی کە لە دەست دەسەڵاتی سوڵتان واتە سوڵتانی عوسمانی ڕایان دەکەرد و پەنایان دەبردە بەر دەوڵەتی سەفەوی لە ڕێگای هاوبیرەکانیانەوە کەوتنە هاندانی خەڵکی ئەنادۆڵ کە شۆڕش دژی عوسمانییەکان بەرپا بکەن.

کاتێ سوڵتانی عوسمانی (سوڵتان سەلیمی یەکەم) بەمەی زانی هەڵسا بە ڕاگواستنیان بۆ ئەورووپا لەوێ پەرش و بڵاوی پێکردن.

هەروەها مەترسی بەرفراوانبوونی دەسەڵاتی سەفەوی هۆیەکی دیکە بوو کە پاڵی نا بە سوڵتانی داگیرکەرەوە تا لەشکرێکی گەورە بەرەو ئەنادۆڵ و کوردستان بنێریت، ئینجا سوڵتان سەلیم هەڵێکی باشی بۆ ڕەخسا کە زۆربەی میرنشینە کوردییەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت بۆ ئەوەی دژی شا ئیسماعیلی سەفەوی داگیرکەر شەڕ بکەن.

پاشان لە ٢٣ی ئابی (١٥١٤)ز لە دوڵی چاڵدێران کە دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژئاوای دەریاچەی ئوروومیە شەڕی چاڵدێران لە نێوان لەشکری عوسمانی و سەفەوی داگیرکەردا ڕوویدا کە بە سەرکەوتنی عوسمانییەکان کۆتایی هات، ئەم شەڕە نەگریسە کە بووە هۆی دابەشوونی کوردستان بۆ دووبەش بە شەڕێکی مێژووی گرنگ لە مێژووی ئەوان دادەنرێت، چونکە یەکەم شەڕ بوو لە نێوان ئەم دوو دەسەڵاتە داگیرکەرەدا ڕوو بدات و عوسمانییەکان توانیان سەفەوییەکان بە شکاوی ڕاوبنێن و شا ئیسماعیلی سەفەوی بە برینداری هەڵهات و تەورێزی پایتەختی دەوڵەتەکەی بەجێ هێشت و سوڵتان سەلیم داگیری کرد، پاش ماوەیەک سوڵتان سەلیم تەورێزی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ (ئەماسیە) لە ناوەڕاستی ئەنادۆڵ.

دوای گەڕانەوەی سوڵتان سەلیم بۆ ئەماسیە شا ئیسماعیلی سەفەوی گەڕایەوە تەورێز و دەستی کرد بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ تۆڵە سەندنەوە لە عوسمانییەکان.

سەرکەوتنی عوسمانییەکان لە شەڕی چاڵدێران بەسەر سەفەوییەکاندا بە هاوکاری کوردەکان بوو، چونکە شا ئیسماعیلی سەفەوی خراپەی زۆری لەگەڵ کوردەکاندا کردبوو، لەبەر ئەوە کوردەکانیش لە ڕێگەی مەلا ئیدریسی بەدلیسییەوە پشتگیری دەوڵەتی عوسمانیان کرد دژ بە سەفەوییەکان.

بەم شێوەیە عوسمانییەکان توانییان ناوچەیەکی زۆری کوردستان بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە بە تایبەتی دوای ئەو لایەنگیرییەی کە پیشانیاندا بۆ دەوڵەتی داگیرکەری عوسمانی، ئەم ناوچانە لە جیاتی داگیرکەری سەفەوی کەوتنە ژێر دەستی داگیرکەری عوسمانی تورک

کۆتایی شەڕێکی ١٥٠ ساڵە و سەرەتای دابەشبوونی کوردستان

شەڕ و ناکۆکییەکانی نێوان سەفەوی و عوسمانی بە شەڕی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤ گەیشتە لوتکە و لە ١٦٢٩ بە شەڕەکانی جورجیا و ئەرمینیا گەرم بووەوە و لە ساڵی ١٦٣٩ بە پەیمانێک بەناوی "قەسری شیرین" یان "زەهاو" و دابەشکردنی کوردستان کۆتاییهات.

دوای ململانێ و شەڕێکی ١٥٠ ساڵە لەنێوان ئیمپراتۆریەتی سەفەوی (ئێران) و ئیمپراتوریەتی عوسمانی (تورکیا)، ڕۆژی ١٧-٥-١٦٣٩ لە قەسری شیرین، کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ئەو دوو دەوڵەتە پەیمانێکیان واژۆ کرد کە بەپێی ئەو پەیمانە بەشێک لە کوردستان و هەموو عێراق لە ئێران جیا کرایەوە و درایە عوسمانی، بە مەرجێک ئەریڤان بگەڕێتەوە سەر ئێران.



ساڵی ١٦٣٥ سوڵتان موورادی چوارەم کە ئەوکاتە خەلیفەی عوسمانی بوو، لە ڕێگەی ئەرزڕووم-ەوە بۆ پشتیوانی لە شازادە ئەرمەن و جورجییەکان، هێرشی کردە سەر ئیمپراتوری سەفەوی و ئەریڤانی داگیر کرد، ساڵی ١٦٣٨یش هێرشی کردە سەر بەغدا کە چەندین جار هەوڵی دابوو داگیری بکات، بەڵام هەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبوون، ئەمجارە و دوای ٤٠ ڕۆژ شەڕ، بەغدای داگیر کرد و فەرمانی دا کە هەموو سەربازانی سوپای سەفەوی کە ماونەتەوە و بەشێکی زۆر لە خەڵکەکەی کۆمەڵکوژ بکەن.

دوای داگیرکردنی بەغدا لەلایەن سوپای عوسمانییەوە، شا سەفی پاشای سەفەوی داوای ئاشتیی کرد و دەوڵەتی عوسمانیش داواکارییەکەی قبوڵکرد، بەو پێیە، ڕۆژی ١٧-٥-١٦٣٩ هەردوو دەوڵەتەکە لە قەسری شیرین (کە ئێستا شارێکە سەربە پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) پێکەوە دانیشتن و پەیمانێکیان واژۆ کرد بەناوی "پەیمانی قەسری شیرین" کە بە "پەیمانی زەهاو"یش دەناسرێت.

بەپێی پەیمانەکە ئەریڤان گەڕایەوە سەر ئیپمراتۆرییەتی سەفەوییەکان، لە بەرامبەردا، بەشێکی گەورەی کوردستان کە سێ پارچەی ڕۆژئاوا، باشور و باکور لەخۆ دەگرێت، هەروەها عیراق کە ئەو کاتە بە "عێراقی عەرەب" دەناسرا، درا بە ئیمپراتوریەتی عوسمانی.

ئەو پەیمانە بۆ ماوەی ١٣٧ ساڵ کاری پێدەکرا، تا ساڵی ١٧٧٦ کە سادق خانی زەند برای کەریم خانی زەند، هێرشی کردە سەر بەسرە و بەسرەی گەڕاندەوە سەر ئێران، بەڵام زۆری نەخایاند و دوای سێ ساڵ واتە ساڵی ١٧٧٩ بەپێی پەیمانەکە کە سنووری عوسمانی دیاری کردبوو و بە کشانەوەی هێزەکانی سادق خان، دیسان بەسرە گەڕایەوە سەر ئیمپراتوری عوسمانی و پەیمانەکە تا سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی کاری پێکرا، بەڵام دوای ئەوە و بە جیابوونەوەی بەشێک لە عوسمانی و دامەزرانی دەوڵەتە عەرەبییەکان، هەر بەپێی ئەو پەیمانە سنوورەکانی ئێران و عێراق دیاریی کران.

لەسەر پەیمانەکە، لەتیف فاتح فەرەج، نووسەر و چاودێری سیاسی دەڵێت: پەیمانی قەسری شیرین یەکێک لەو پەیمانانەیە کە لەنێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکان، لەسەر دیاری کردنی سنووری نێوانیان واژۆکراوە، بەغدا، بەسرە و ویلایەتی شارەزۆر کە هەموو باشوری کوردستان دەگرێتەوە، دراوە بە عوسمانییەکان، لە بەرامبەردا جورجیا و ئەرمینیا و شوێنەکانی دیکە دراوە بە سەفەوییەکان، لە نێوان سەفەوی و عوسمانی لە ساڵی ١٥٥٥ هەتا ١٩١٨ زیاتر لە ١٨ پەیماننامە نووسراوە، کە دوایی هەمووشی تووشی کێشە بووەتەوە و هەڵوەشاوەتەوە.

لەتیف فاتح فەرەج، هۆکاری بەستنی پەیمانی قەسری شیرین و دابەشکردنی کوردستان وەها باسدەکات: ئەو کاتە فراوانخوازیی تورکەکان (عوسمانییەکان) زۆر بوو لە بەرامبەریشدا سەفەوییەکان هەمان مەبەستیان هەبوو، لە هەموو پەیماننامەکانی نێوانیشیان کورد بووەتە قوربانی، پەیمانی قەسری شیرین لەسەر دیاریکردنی سنوورێکە بە درێژایی ١٢٣٦ کیلۆمەتر و شوێنێکی بەرفراوان لەخۆ دەگرێت، سەفەوی و عوسمانەکان کێشەی زۆریان هەبووە و تەنانەت ئەو کێشانەی خۆیان لە نامەکانی نێوانیان دەرخستووە، لەو نامانەدا شەڕە جنێویان کردووە و قسەی نەشیاویان بەرامبەر دایک و خۆشکی یەکتر نووسیوە، شەڕەکەشیان لەسەر حسابی کورد بووە، ڕێککەوتنیشیان بۆ ئەوە بووە کورد تێدا ببێتە قوربانی.

لەتیف فاتح فەرەج لەسەر هەڵویستی کورد لەسەر ڕووداوە مێژووییەکان دەڵێت: پێش پەیمانی قەسری شیرین، کوردەکان لە شەڕی چاڵدێران شەڕیان بۆ عوسمانییەکان و سەفەوییەکان کردووە، یەکێک لە کێشەکانی کورد ئەوەیە کە ئەوەندەی دوای ئایین کەوتووە دوای نەتەوە نەکەوتووە، تەنانەت لەناو

سلێمانیشدا، مەولانا خالیدی نەقشبەندی کە پیاوێکی ڕۆشنبیر و گەورەی کورد بووە و شاعیر بووە، بە دەروێشەکان و خەلیفەکانی وتووە؛ لە خودا بپاڕێنەوە کە سوڵتانی عوسمانی بپارێزێت، مەحوی شاعیر وەسفی عوسمانییەکان دەکات، لە بەرامبەریشدا نالی شاعیرمان هەیە کە ڕەخنە لە عوسمانییەکان دەکات، ئەم دابەشبوونەش بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆرجار کورد شەڕی یەکتر بکەن، دوژمنانیش سوودیان لەم دابەشبوونە وەرگرتووە و هیچکات نەیانهێشتووە کە لەناو کورددا نەتەوە دروست بێت، هەر لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی تورکیادا بەشێک لە عەشیرەتەکان دژی هەدەپە دەنگیان بە ئاکەپە دا، ئەمە لە زۆر شوێن ڕوویداوە و یەکێک لە گرفتەکانە کە نەیهێشتووە نەتەوە دروست بێت، خۆشمان خواستمان لەسەری نەبووە.

لەسەر ئەزموونی پەیامانی قەسری شیرین بۆ ئەمڕۆی کورد، نووسەر و چاودێری سیاسی لەتیف فاتح فەرەج دەڵێت: ئێستاش عوسمانییەکان، بە ناوی نوێ، شێوەی نوێ و ئاڵای نوێ، لە ڕێگەی ئەردۆغان و ئاکەپەدا هاتوون جارێکی دیکە باسی دیاریکردنی سنوور و فراوانخوازی دەکەن، بۆ ڕیگری لەمەش وەک ئەو قسە باوەی هەیە دەڵێت؛ "بۆ ئەوەی باشتر بێت، ئەو خراپانەی پێشتر کراوە دووبارە مەکەرەوە"، ڕێگری لە خەونی عوسمانی نوێ، کە لەلایەن ئەردۆغان و ئاکەپەوە بەڕێوەدەبرێت و باوەڕم وایە کە تەمەنی کورت دەبێت، بە سەرنجدان بەو کێشانەی هەیانە، یان بۆ ڕێگری لە فراوانخوازیی عەرەب و فارسەکان، تەنها یەکبوونی کوردە، کورد ئەگەر تەنها بۆ جارێک یەکبگرێتەوە و بیر لەوە بکاتەوە کە نەتەوەیەکە و دەیەوێت بچێتە مێژووەوە، تا قوربانییەکی زیاتر نەدات و کارەساتەکان دووبارە نەبێتەوە، بۆ نمونە ئێزدییەکان ٧٤ جار ئەنفال کراون، لە باشور و باکوریش هەروەها، چەند ساڵ دوای کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان، کوردیش لە دێرسیم کۆمەڵکوژ دەکرێت، عەلەوییەکان کۆمەڵکوژ کراون، شیعەکان کۆمەڵکوژ کراون، لە حەلەب بەپێی هەندێک ڕیوایەت، تا ٢٠٠ هەزار عەلەوی کۆمەڵکوژ کراون، ئێمە ئەگەر یەک بین، ئەگەر عەفرین، زاخۆ، چەمچەماڵ، سلێمانی، ئامەد و مەهاباد، لەوە تێبگەن کە ئازاریان یەک ئازارە و خولیایان یەک خولیایە، باوەڕم وایە کە بەگژ ئەو ستەمکارییە دەچینەو

شەڕی چاڵدێران و زینی وەرتێ و چەند ڕاستیەک

دوژمنانی کورد لەو تەجروبە سەرکەوتووەی خۆیان لەفێڵ و فریودانی کورد ناحەق نین دووبارە و چەند بارەی بکەنەوە بەڵام بۆ کورد ماڵ وێرانیە بۆ سەرکردەکانی حزب کەهەمان تامی سەرۆک هۆزەکانی ئەوێ دەمێ دەدەن و شەرمەزاری و بێ ئابڕوییە دووبارە فریو بخۆن

دەمەوێ بەیە کەوە ئاوڕێک لە ڕوداوێکی تاڵ و کارەسات باربۆ کورد لەمێژوودا بدەینەوە کە ئەویش شەڕی چاڵدێرانە، کە لە 22ی ئابی 1514 لە باکوری ڕۆژئاوای ورمێی کوردان لەنێوان دوو زلهێزی ناوچەکە (عوسمانی و سەفەوی) دا ڕوویدا، ئامانج لەو ئاوڕدانەوەیە دیاریکردنی لایەنی حەق و ناحەقی ئەو دوو دوژمنە نییە مەبەستیش ئاماری هێز و چەک و غەنیمەت نیە. بەڵکو ئاشکرا کردنی ڕۆڵی کورد و فرتوفێڵی دوژمنانە لە کورد و کاریگەری روداوەکەییە لەسەر ژیان و مان و سەروماڵی کورد.

سەرەتای ئامادەکاری شەرەکە لەلایەن سوڵتان سلیم یاوەزی عوسمانی دەستی پێکرد دوای ڕاگرتن و بەربەستی بەهێز لەنیەتی فراوانخوازی تورکەکان ڕووەو ئەوروپا بەهەمان دروشمی جیهادی حەق ڕووی کردە داگیرکاری ولاتی فارس کە بەحساب هەردوکیان ئیسلامن لەڕێگای ڕاوێژکارێکی کورد بەناوی مەلا ئیدریسی بەدلیسی هەستا بە فریودان وەدەستخستنی پشتگیری و نۆکەری 16 سەرۆک خێڵ کە جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەریان هەبوو دوای ڕوخانی ئیمراتۆریەتی مەزنی ماد ئەم سەرۆک خێڵانە هەرچەند خاوەن کۆدەنگیەکی یەکگرتوو نەبوون بەڵام سەربەخۆیی خۆیان پاراستبوو لەڕێگای ئەم مەلا نۆکەرە بێگانە پەرستە بە بەڵێنی پشتگیری سوڵتان لەپاراستنی کوڕو نەوەکانی سەرۆک خێڵەکان لەدەستەڵاتی سەرۆکایەتی خێڵەکان پشتگیری سەربازی و مادی سەرۆک هۆزەکان بۆ سوڵتان سەلیم دابینکرد لەشەڕەکەدا. ئەمە بۆ دەوڵەتی دوژمنکاری فارسیش هەر ڕاستە واتا خولاسەی کەلام شەڕەکە بەخوێنی کورد لەسەر خاکی کورد و بە لەت بوونی کوردستان بۆ دوو بەش کەسەرەتایەک بوو بۆ بوونی بە چواربەشی، دوژمنانی کورد لەو تەجروبە سەرکەوتووەی خۆیان لەفێڵ و فریودانی کورد ناحەق نین دووبارە و چەند بارەی بکەنەوە بەڵام بۆ کورد ماڵ وێرانیە بۆ سەرکردەکانی حزب کەهەمان تامی سەرۆک هۆزەکانی ئەوێ دەمێ دەدەن و شەرمەزاری و بێ ئابڕوییە دووبارە فریو بخۆن بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری لەکوڕو نەوەکانیان لەسەرۆکی حزب یان سەرۆکی هەرێم و خۆبەڕێوەبەری جاشایەتی و نۆکەری بۆ سوڵتان ئەردۆغان قبوڵ بکەن.

با بەراوردێکی لۆژیکی وردی ئەوێ دەمێ و ئیستا بکەین

1 - لەڕوی ستراتیژی فراوانخوازی سوڵتان سلیم و ئەردوغان هەردوکیان لە ئەنجامی نەوێران و ترس و ڕێگری ڕووەو ئەوروپا ڕووی داگیرکاریان چاوبڕینیان بووە لەگەلانی دراوسێیان هەردوکیان دروشمی ئاینی درۆزنانەیان بەکارهیناوە یەکیان بەناوی جیهادی حەق و ئەردۆغان بەناوی فەتح و کۆمەڵێ ناوی ئاینی بۆ فریودان و بەکرێگرتنی پیاوی ئاینی ناحاڵی و دین فرۆشی. ئامانجی هەردووکیان خوێن ڕێژی بووە لەناو ئومەتی ئیسلام.

2 – لە ڕوی دوژمنکاریی گەلانی دەوروبەریان لە ڕوانگەی هەر دوو سوڵتان (سەلیم یاوز و ئەردۆغان) قەڵاچۆکردنی نەتەوەکانی دەوروبەریان (ئەرمەن - کلدان - ئاشوری - کوردەکان) بێ حساب کردن بۆ ئایین و سونی بوون و بیروباوەڕیان قەدەغەکردنی زمان بۆ قسەکردن و لێدوان و نوسین و خوێندنیان تێکدانی گوند و گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچە داگیرکراوەکان و تێکدان و تەقاندنەوەی مزگەوت و تاتە بەردەکانی نوێژکردنی کوردەکان و لەبەرامبەردابنیاتنانی مەلهاوبارِ و ڕازاندنەوەی کۆشکەکانی سوڵتان و حەرەم سەرای کۆشکەکان بەتاڵان بردنی کەلەپور و مێژووی گەلان و گۆڕینی دێموگرافی و نانەوەی ناکۆکیی خێڵەکان گوندنشین و شارنشینەکان مەزهەب و تەریقەتەکان... هتد.

3 – لە ڕوی ئابوری و چاوچنۆکی و تاڵانچیەتی هەردوو سوڵتان کۆکردنەوەی باج و خەراجی زۆر و بەتاڵان بردنی مەڕو ماڵات و دەغڵ و دان و تەنانەت بەڕوو لەچاڵ دەرهێنان و گۆڕینی سەرچاوەکانی ڕووبار و وشک کردنی سەرچاوەکانی ئاو و بە تاڵان بردنی نەوت و غاز بەناوی ئابوریی سەربەخۆ و کوڵاو لەسەرنان و بڕینی سامانی ناوخۆ لەقالپدانی چالاکی ناوخۆ و بەفیڕۆدانی، فەوتاندنی بەرهەمی ناوخۆی وڵات و سوتاندنی ڕەز و باغ و بڕینی زەیتون بە سوتماک کردنی خاک... هتد

4 - لەڕوی کۆمەڵایەتی و تێکدانی هەستی یەک بوون و نەتەوایەتی دوای شەڕی چاڵدێران بەپێی ڕێکەوتنی هەردوو دوژمن کوردستان بوو بە دوو بەشی دوو سنوری تەواو جیاواز لەکلتورو ئاین و زمان، ئەمە لەهەردوو بەرەی دوژمن زۆر هۆز بوون بە دوو بەش وەکو هەرکی و بڵباس... وە زۆر لەسەرۆک هۆزەکان چ لەترسان چ بۆ پارە و ئیمتیاز و لەبرسان ڕەگەزی خۆیان گۆڕی و یان بوون بە فارس یان تورک وە ڕەچەڵەکی خۆیان دەبردەوە سەر ئیمامێک. ئەمەی کرۆکی بابەتەکەیە مێژوو دووبارە دەبێتەوە تورک لەڕێگای هەمان تاکتیک دەیەوێ شەڕی گەورە لەسەر خاکی کوردان بەڕێوەببات بە مژدانەدان بە ئەمریکا کە کێشە بۆ ئێران دروست دەکات بەڕاکێشانی ڕەئی ئیسلامی سونی کەگوایە شەڕی بەرتەسک کردنەوەی هیلالی شیعی دەکات لەناوخۆشی کەدوای لەناوبردن و جینۆسایدی گەلی ئەرمەن و کلدان و ئاشوری نۆرەی کوردە بۆ سڕینەوەو لەناوبردنی بەپاڵپشتی دروشمی فریودانی ئاینی و بیروڕای جیای و ڕەگەزی و تەنانەت مرۆڤی کە دەمێکە دەڵێن کورد جنۆکەیە. یان ناویان ناوین تورکی کێوی (چیایی) ئەمە بۆ ئەوەی وەک ئەرمەنەکانیش لەسەر پاکتاوی نەتەوەیی بەجینۆساید ئەژمار نەکرێ لەناوبردنی کورد بۆ ئەوەی بەمردویش ناوی کوردی نەهێنرێ...

بۆیە دەبێ تاکی کورد بەتایبەت خواناس و زاناو پیاوانی ئایین شێرگێرانە بەگژ پلانی دوژمندا بچنەوە بانگەوازی جیهاد بکرێ لەدژی تورک و داگیرکاری و ئەو هێزە داعش و مورتەزەقانەی کەدەیانەوێت قەندیلی پێ داگیربکەن و تاهەتایە ئەم هێزە نامۆیە بەدین بە زمان بەکلتور نیشتەجێ بکەن وە نابێت لەژێر هەربیانوێک لەسەرکردەی حزبەکانی کورد قبوڵ بکرێ ئەم بێ عیزەتیە ئەم ڕاوە کوردە ئەم خاک فرۆشی و بەتاڵان بردنی سامانی ووڵات و دەستەپاچیە باچیتر چاویان لەدەستی دوژمن نەبێ حوکمڕانی کوڕو نەوکانیان دەستەبەربکات بارۆڵەکانیان فێری پاکی و وڵات پارێز و گیانفیدای خاک و خەڵک و خودا بکەن بازامنی پاراستنی دەسەڵاتیان لەگەلی خۆیان داوابکەن با یەکێتی و یەکبوون و کۆنگرەی نەتەوەیی ساز بکەن با لەدەرگای ماڵە هەژارانی کوردستان بدەن دەرگای فەرموو فەرموو بۆ داگیرکەران بەیەکجاری دابخەن.

سەرچاوەکان

- http://www.historyofkurd.com/2016/07/11/1514-شەری-چاڵدێران/
- https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=21719&type=komalayati
- https://ruwange.wordpress.com/2014/11/04/شەڕی-چاڵدران-و-ئەزموونێک/
- https://kurdizanist.com/بەشی-نۆیەمی-مێژووی-نوێ-و-هاوچەرخ؛-شەڕی/
- https://rojnews.news/دۆسیە/کۆتایی-شەڕێکی-١٥٠-ساڵە-و-سەرەتای-دابەش/
- https://anfsorani.com/کوردستان/شەری-چاڵدێران-و-زینی-وەرتێ-و-چەند-ڕاستیەک-17780